PrimaryChoice

# تیمی سەرپەرشتی سەرەتایی تۆ

تیمی سەرپەرشتی تەندروستی ناوچەکەت، زۆر جار بە تیمی سەرپەرشتیی سەرەتایی ناسراوە، یەکەم بەندەری تۆن بۆ پەیوەندیکردن بۆ پێداویستییەکانی سەرپەرشتی تەندروستیت لە ناوچەکەتدا.

GIG CYMRU NHS WALES
Bwrdd Iechyd Prifysgol Caerdydd a'r Fro
Cardiff and Vale University Health Board



سەرپەرشتی سەرەتایی زۆر جار بە 'دەرگای دەروەی' خزمەتگوزاری سەرپەرشتی تەندروستی دادەنرێت، ڕێنمایی سەرپەرشتی تەندروستی، چارەسەر و کۆنترۆڵکردن بەسەر دۆخەکاندا بۆ نەخۆشەکان فەراهەم دەکەن لە چوارچێوەی ناوچەکەی خۆیاندا.

سەرپەرشتی سەرەتایی ئەمانە دەگرێتەوە:
- دەرمانسازی ناوچەکە
- پزیشکی ددان
- پشکنەری چاو
- پرسگەی جی پی
- پەرستاری پزیشکی گشتی (جی پی)
- چارەسەرکاری سروشتی
- بەرپرسی هاوئاهەنگی دەروون دروستیی
- ناوەندەکانی سەرپەرشتی سەرەتایی بەپەلە

هەر یەک لە ئەندامانی تیمی سەرپەرشتی تەندروستی کارامەیی و پسپۆڕییان هەیە لە چەندین بواری جیاوازدا، کە توانا بە تۆ دەبەخشێت بۆئەوەی یەکسەر پشتگیری ڕاست و دروست لە پیشەوەری سەرپەرشتی تەندروستی ڕاست و دروستەوە بەدەست بهێنیت.

بۆ دۆزینەوەی خزمەتگوزارییەکانی سەرپەرشتی سەرەتایی ئێن ئێچ ئێس لە ناوچەکەتدا سەردانی cavuhb.nhs.wales/primary-care-services بکە یان ئەم کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR ـەی خوارەوە سکان بکە.

بەوە کە یەکەمجار کەسی ڕاست و دروست، لە شوێنی ڕاست و دروستدا ببینیت، تۆ گونجاوترین چارەسەر بۆ پێداویستییەکانی سەرپەرشتی تەندروستی خۆت بەدەست دەهێنیت.

ئەگەر دڵنیا نیت کە چ ئەندامێکی تیمی سەرپەرشتی سەرەتایی باشترین کەسە کە چاوی بە تۆ بکەوێت بۆ پێداویستییەکانت، تکایە سەردانی ئێرە بکە:
cavuhb.nhs.wales/primary-care-services

تۆ هەروەها دەتوانیت خزمەتگوزارییەکانی سەرپەرشتی سەرەتایی ئێن ئێچ ئێس لە ناوچەکەتدا لەڕێگەی ئامرازە ئاسان بەدەستەکانی گەڕانی ئێمەوە بدۆزیتەوە.

**#WeArePrimaryCare**

## ئێن ئێچ ئێس 111 وەیڵز

ئەگەر لە دەرکەوتەکانت و ئەوە دڵنیا نیت کە چ پشتگیرییەکت پێویستە، دەتوانیت سەردانی ئێن ئێچ ئێس 111 وەیڵز بکەیت لەسەر ئینتەرنێت یان بێ بەرامبەر لە مۆبایل یان تەلەفونی ئەرزییەوە تەلەفون بۆ 111 بکەیت.

cardiffandvaleuhb @CV_UHB

## بەرپرسی هاوئاهەنگی دەروون دروستیی



بەرپرسی هاوئاهەنگی دەروون دروستیی لە چوارچێوەی نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی (جی پی) دا کار دەکەن بۆ پشتگیری نەخۆشەکان سەبارەت بە پێداویستییەکانی دەروون دروستییان.

## ناوەندی سەرپەرشتی سەرەتایی بەپەلە



تۆ لەوانەیە لەلایەن کارمەندی پرسگەی پزیشکی گشتی (جی پی) ـەوە رەوانە بکرێیت بۆ ناوەندی سەرپەرشتی سەرەتایی بەپەلە.

ئەو ناوەندانە توانستی زیاتر بۆ نۆرینگەکانی پزیشکی گشتی (جی پی) دەهێننە ئاراوە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە تۆ کاتێک

## پزیشکی گشتی (جی پی)



پزیشکی گشتی (جی پی) خۆت دەتوانێت رێنمایی و چارەسەر بۆ زنجیرەیەک دۆخی تەندروستی فەراهەم بکات. ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەو نەخۆشانە دەبێت کە لە هەمووان بارناسکترن، دۆخەکەیان ئاڵۆزە و باری تەندروستییان زۆر خراپە.

## نۆرینگەی پزیشکی گشتی (جی پی)



کاتێک کە پەیوەندی بە نۆرینگەی پزیشکی گشتی (جی پی) خۆتەوە دەکەیت، تۆ یەکەمجار لەگەڵ کارمەندی پرسگە قسە دەکەیت. ئەوان راهێنانیان پێ کراوە بۆئەوەی پرسیاری نهێنیت لێ بکەن بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانت و دڵنیابوونەوە لەوەی تۆ دەستت بە پیشەوەری راست و دروستی سەرپەرشتی تەندروستی رادەگات.

لە چوارچێوەی نۆرینگەی پزیشکی گشتی (جی پی) خۆتدا تیمێکی پیشەوەری سەرپەرشتی تەندروستیی هەیە لە چەندین بواری جیاوازدا بۆ فەراهەمکردنی باشترین رێنمایی و چارەسەر بۆ تۆ.

## پەرستاری نۆرینگە



تۆ سەردانی پەرستاری نۆرینگەی گشتی خۆت دەکەیت بۆ چاودێریکردنی برین، رێنمایی سەبارەت بە بەرگرتن لە دووگیانی و پێداچوونەوە، کوتان، چاودێریکردنی خوێن و پێداچوونەوە بۆ نەخۆشیی درێژخایەن، وەک ڕەبوو و نەخۆشیی شەکرە.

## چارەسەرکاری سروشتی



چارەسەرکاری سروشتی دەتوانێت رێنمایی و چارەسەر پێشنیاز بکات ئەگەر تۆ ئازاری جومگە یان ماسولکەت هەبێت.

## دەرمانسازی ناوچەکە



دەرمانسازی ناوچەکەت کاری زۆر زیاتر لە دابەشکردنی دەرمان ئەنجام دەدات. ئەوان هەروەها دەتوانن سەبارەت بە نەخۆشیی سووک و دەرمان رێنمایی فەراهەم بکەن.

هەندێک لە دەرمانخانەکانی ناو کۆمەڵگە دەتوانن چارەسەری بێ بۆ نەخۆشییە باوەکان فەراهەم NHS بەرامبەری ئێن ئێچ ئێس بکەن و دەرمان بۆ خەڵک بنووسن.

## پزیشکی ددان



پزیشکی ددان دەتوانێت یارمەتیت بدات ئەگەر ئازاری ددانێشە، ئازار یان خوێنبەربوونی پووک یان ددانی شیریت هەبێت کە کێشەی بۆ دروست کردبێت، هەستیاری ددان یان جۆری دیکەی ئازاری دەموچاوت هەبێت.

## پشکنەری چاو



هەروەها بە پشکنەری چاو لە ناوشاریش ناسراون، پێوەری بینایی دەتوانێت رێنمایی و پشتگیری فەراهەم بکات سەبارەت بە پێداویستییە تەندروستییەکانی چاو، وەک کێشەکانی تایبەت بە بینینت، ئازاری چاو یان زامداربوون.